یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# پەشیمانی هەرە گەورە

## ( الندامـة الكبـرى )

الشيخ:  إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێرانی : ستافی وەڵامەکان  و ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org   -  walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، مَن يهده الله فلا مُضل له ، ومَن يضلل فلا هادي له ، وأشهدُ أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهدُ أن محمداً عبده ورسوله.  أما بعد:

## پێشەكی:

لەڕاستیدا مرۆڤ بێ هۆ و حیكمەت دروست نەكراوە، بەڵكو بۆ خواپەرستی دروست كراون و بۆ گوێڕایەڵی خوا لە فەرمان و نەهی لێكراوەكانی، پاشان ئەوان دوای ئەو دروست كردنەش دەستیان لێ بەرنەدراوە و وێڵ نەكراون بەڵكو دوای مردنیش زیندوو دەكرێنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەدگاریان و لەسەر كارو

کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی لەم ڕاستیە بێ ئاگان و پشت گوێیان خستووە. خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ٧ ﴾ [الروم:٧]

واتە: بەڵکو ئەوان تەنها ڕووکەشی دونیا و ڕازاوەییەکانی دەبین ، و غافڵ و بێئاگان لە کاروباری دوارۆژ و ئەوەی تێیدا سودیان پێدەگەیەنێت ، و تەنانەت هەر بیریشی لێناکەنەوە .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ١٩ ﴾ [الحشر:١٩ ] ، واتە: نەکەن ئێوەش ـ ئەی باوەڕداران ـ وەکو ئەوانەبن کە وازیان هێناوە لە

جێبەجێکردنی ئەو مافانەی کە خوای پەروەردگار پێویستی کردووە لەسەریان ، بۆیە خوای پەروەردگاریش بەهۆی ئەوەوە پشك و بەشی لەو کارە چاکانە لە بیر بردنەوە کە لە سزایی ڕۆژی دوایی ڕزگاریان دەکات ، ئا ئەوانەن کە وەصفکراون بە فاسقیێتی ، و لە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ دەرچوون .

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿أَلَا يَظُنُّ أُولَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبۡعُوثُونَ ٤ لِيَوۡمٍ عَظِيمٍ ٥ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦﴾ [المطفّفين: ٤-٦ ] .

واتە: ئایا ئەو جۆرە کەسانە بیروباوەڕیان وانیە کە پەرستراوی ئەوان ( الله ) زیندویان دەکاتەوە و لێپرسینەوە و موحەسەبەشیان دەکات لە سەر کردەوەکانیان ؟ بێگومان زیندوبوونەوەیان لە ڕۆژێکی پڕ لە دژواری

دەبێت ؟ ڕۆژێك كە هەموو خەڵك لەبەر دەستی خوای پەروەردگاردا دەوەستن و لێپرسینەوەیان دەكات لەسەر كەم و زۆری كردەوەكانیان ، و لەو ڕۆژەشدا هەموو ملكەچی پەروەردگاری هەموو جیهانیانن .

جا خەڵكی زیندودەكرێنەوە بۆ لێپێچینەوە و دەكرێن بەدوو بەشەوە: بەشێكیان دەڕۆن بۆ دوا مەنزڵی خۆشبەختی هەمیشەیی و سەركەوتنی نەبڕاوە كە بەهەشتە و بەشەكەی تریش دەڕۆن بۆ دوا مەنزڵی نارەحەتی و سزا و ئازاری دوانەهاتوو ماڵی غەم و ئاه ونالەی بێ كۆتا كە ئاگری دۆزەخە، جا بۆی دەبرێن هەر بە بینینەكەی پەرێشان و پەشۆكاو دەبن لەبەر سامناكی و ترسناكی دیمەن و شوێن و جێگاكەی و بۆ هەتا هەتایە

پەشمان دەبنەوە و خوازیاری گەڕانەوەن بۆ دونیا تا کاروکردەوەی چاك ئەنجام بدەن و دەڵێن: ﴿ يَٰلَيۡتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢٧ ﴾ [الأنعام:٢٧] ، واتە: ئای خۆزگە دەگێڕراینەوە بۆ ژیانی دونیا ، بۆ ئەوەی باوەڕ بەئایەت و نیشانەکانی خوای پەروەردگار بکەین و بەڕاستیان دابنێین ، و کردەوەیان پێبکەین ، و ببین بەیەکێك لە باوەڕداران.

هەروەها دەڵێن:﴿ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ١٤ ﴾ [الأنبياء]. واتە: لەناوچوون و ماڵوێرانی ئێمە ، بەڕاستی ستەممان لە خۆمانکرد بەوەی بێباوەڕبووین .

هەروەها دەڵێن: ﴿ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ ﴾ [الأحزاب:٦٦] واتە: خۆزگە لە دونیادا گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پەیامبەرەکەیمان بکردایە ، بەوەش بەهەشتمان بەدەست دوهێنا و دانیشتوی بەهەشت دەبووین .

بەش و جۆری یەکەم لەو خەڵکە ئەوانەن کە لە ناو نازو نیعمەتی بەهەشتی نەبڕاوەدا چێژوەردەگرن ئەو بەهەشتەی کە خوا ئامادەی کردووە بۆ بەندە چاکەکارەکانی و شتگەلێکی تێدایە کە چاو نەیبینیوە و گوێ نەیبیستووە و بەدڵی هیچ مرۆڤێکیشدا نەهاتووە.

جا بەرێزان کارەکە زۆر مەترسیدارە چونکە باسەکە یان بەهەشتە یاخود ئاگری دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ١٨٥﴾ [آل عمران:١٨٥]

واتە: جا هەرکەسێك کە خوای پەروەردگار ڕێزی لێنابێت و لە ئاگر ڕزگاری کردبێت و خستبیەتیە بەهەشتەوە ئەوا ئەوپەڕی ئەوەی بەدەستهێناوە کە داوای کردووە . وە دونیا هیچ نیە تەنها چێژێکی لەناوچوو نەبێت ، جا بۆیە پێی هەڵمەخەڵەتێن .

جا کەوابوو دەبێت پەشیمان بوونەوەیەکی بەسوود هەبێت هەر لە ژیانی دونیادا پێش ئەوەی پەشیمانی سوودی نەبێت، و لەسەرمانە تۆبە بکەین و پەلە بکەین

و کاتەکانی ژیانمان بقۆزینەوە لە گوێڕایەڵی خوادا و چاکەکاریدا پێش تەواوبوونی ئەجەل و هاتنی مردن و نەمانی هیوا وئومێدێك، وە خوای گەورە بەرەحمەتی خۆی بەخەڵکی هەواڵی ئەوەی پێ داوین کەچی ئامادەکردووە بۆ سەرپێچیکاران لە سزای توند وسەخت، تەنانەت هەواڵی چرکە ساتی پەشیمان بوونەوەو حەسرەتەکانیشیانی بۆ تۆمار کردووین وبەوردی بۆمانی گێڕاوەتەوە لەکاتی مردن و ناوگۆڕ و دوارۆژیشدا.

جا لە پێناو پەشیمان بوونەوە پێش مردن و خۆسازدان و خۆئامادەکردن بۆ ئەو رۆژە، وا قسە دەکەین لەسەر پەشیمانی هەرەگەورە کە لەکاتی مردندا ڕوودەدات بۆ کەسانی کەمتەرخەم و تاوانبار ئەوانەی کە

تۆبەیان نەکردووە پاشان ئەو پەشیمانیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو گۆڕ، پاشانیش بۆ ئەو کاتەی کە فوو دەکرێت بە کەڕنادا لە ڕۆژی دواییدا وپاشان حاڵیان لەناو ئاگـــردا و لەکۆتاییدا باسەکە کۆتایی دەهێنین بە باسی زیکر و وەبیرخستنەوەیەك کە سوود بە باوەڕداران بگەیەنێت.

* * * * * *

## ١- حاڵی کەسانی پەشیمان بووەوە لەکاتی مردندا:

* کەسانی سەرپێچیکار داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ دونیا لەساتی مردنیاندا: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ٩٩ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٠٠﴾ [المؤمنون:٩٩-١٠٠] ، واتە: خوای پەروەردگار هەواڵدەدات دەربارەی حاڵی بێباوەڕان و ئەوانەی کە کەمتەرخەمیان لەفەرمانەکانی خوای باڵادەستدا کردووە ، بەوەی کە دەفەرموێت : کە مردن دێت بەسەریاندا ، وە ئەوەی کە بۆی ئامادەکراوە لەسزا دەیبینێ ، دەڵێ : پەروەردگارم بمگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا . بەڵکو ئەوە بەدەست بێنم کە لەدەستم چوو لە

باوەڕهێنان و گوێڕایەڵی . بەڵام ئەوەی بۆ نیە ، و وەڵام نادرێتەوە بۆ ئەو داواکارییەی ، و مۆڵەت نادرێت ، بەڵکو ئەوە تەنها وتەیەکە هەر بۆ خۆی دەیڵێت و هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت ، و ئەو ڕاستگۆ نیە تێیدا ، وە ئەگەر بگەڕێنرێتەوە بۆ دونیا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە یاساغی و قەدەغەی لێکرابوو ، وە مردووان لەژیانی بەرزەخدا دەمێننەوە ، ئەو بەرزەخەی کە لەنێوان دونیا و دوارۆژدایە تاکو ڕۆژی زیندوبوونەوە و گەڕانەوە .

**پێشەوا ابن الكثير – رەحمەتی خوای لێ بێــت – دەڵێت:** " هەموو کەسێکی کەمتەرخەم لەکاتی گیان دەرچووندا پەشیمان دەبێتەوە و داوای درێژکردنەوەی ماوەی ژیانی دەکات ئەگەر بۆ کەمێکیش بێت، بۆ ئەوەی ئەوە بەدەست بهێنێت کەلەدەستی چووە، بەڵام ئەو داوایە جێ بەجێ ناکرێ و وەڵام نادرێتەوە و ئەوەی بەڵێنی هاتنی درابوو وا هات و هەرکەسیش بەگوێرەی هەوڵ و ماندوبونی خۆی لەگەڵدا دەکرێــت "[1].

بۆیە داوای گەڕانەوە بۆ دونیا و درێژکردنەوەی ماوەی ژیان لەئایەتەکەدا تایبەت نییە تەنها بە بێ

(1) تفسير ابن كثير: (٤/٣٧٣)

باوەڕان و بەڵكو هەموو كەسێكی كەمتەرخەم دەگرێتەوە.[1]

جا كەسی تاوانبار و خراپكار هات و هاواریتی لەكاتی هەڵگرتنی جەنازەكەی: لە ئەبی سەعیدی خودریەوە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " إذا وضعت الجنازة واحتملها الرجال على أعناقهم ، فإن كانت صالحة قالت : قدموني، وإن كانت غير صالحة قالت : يا ويلها أين يذهبون بها ؟ يسمع صوتها كل شئ إلا الإنسان، ولو سمعه لصُعق ""[2]. واتە: كە جەنازە دادەنرێت و پیاوان لەسەر شانیان

(1) بهذا قال القرطبي (١٢/١٤٩) وابن كثير (٣/٢٥٥) وابن سعدي (٣/٣٧٤) وغيرهم.

(2) صحيح البخاري: (١٣١٦).

هەڵی دەگرن، ئەگەر پیاوچاك بوو ئەوا دەڵێت: پێشم بخەن و ئەگەریش خراپکار بێت ئەوا دەڵێت: ئەی هاوار ئەوە بۆ کوێی دەبەن؟ جا هەموو شتێك دەنگی دەبیستێت جگە لەمرۆڤ نەبێت و ئەگەریش بیبیستێت ئەوا لەهۆش خۆی دەچێت.

* * * * * *

## ٢- حاڵی کەسانی پەشیمان لە ناو گۆڕدا :

ئەوان زۆر بەتوندی پەشیمانی دەردەبڕن و ئاواتەخوازن بگەڕێنەوە بۆ دونیا بۆ زیکر وخواپەرستی، لە ئەبی هورەیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای گۆڕێکدا تێپەڕی کە (مردووەکە) تازە لەگۆڕنرابوو فەرمووی: " ركعتان خفيفتان مما تحقرون وتنفلون يزيدهما هذا في عمله أحب إليه من بقية دنياكم ""(١)

واتە: دوو رکاتی سوننەت کە ئێوە بە زوویی و خێرایی دەیکەن و بەکەمی سەیردەکەن مردووی ناو ئەم گۆڕە پێی خۆشە ئەو دوو رکاتە زیادبکرێت بۆ سەرکردەوەکانی لە هەموو ئەوەی ماوەتەوە لە دونیاکەتان.

(1) السلسلة الصحيحة : (١٣٨٨).

وە تاوانباران ئەگەر تۆبە نەکەن ئەوا لەگۆڕەکانیان سزا دەدرێن و زۆر پەشیمان دەبنەوە.

ابن عباس رضي الله عنه دەڵێت: مرَّ رسول الله على قبرين فقال: "" إنهما ليُعذبان ، وما يعذبان في كبير، أما هذا فكان لا يستتر من بوله، وأما هذا فكان يمشي بالنميمة""[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە لای دوو گۆڕدا تێپەڕی و فەرمووی: ئەو دووانە ئێستا سزا دەدرێن و سزاکەشیان لە شتێکدا نییە کە خۆپارێزی کردن لێی زۆر گەورە ونارەحەت بێت یاخود بەلایانەوە گەورە نەبووە بەڵام خۆی گەورەیە، ئەمەیان خۆی لە میز پاك نەدەکردەوە و ئەوەکەی تریشیان قسەی دەهێناو دەبرد بەخراپە.

---

(1) صحيح البخاري: (١٣٦١) متفق عليه.

**پێشەوا نەوەوی دەڵێت: بڕگەی (لا يستتر من بوله)** **بەچەند شێوازێك هاتووە وەكو: (يستتر ، يستنزه ، يستبرئ) ، و هەموویان صەحیحن و واتە: خۆی تەواو پاك نەدەكردەوە لە میز و بەلایەوە ئاسایی بوو،** واللّٰه أعلم)[١]، وفي رواية للحديث: "" **أما أحدهما فيعذب في البول، وأما الآخر فيعذب في الغيبة** ""[٢].

**وە چەند تاوانێکی تریش هەن کە خاوەنەکانیان بەهۆیانەوە سزا دەدرێن لەنێو گۆڕدا ئەگەر تۆبە نەکەن وەکو: ریبا خواردن وزینا و درۆ و خەوتن لەکاتی نوێژی فەرزدا و خۆبەزلزان لەکاتی رێکردن وهەڵسوکەوتدا و تاوانی تریش.**

(1) شرح مسلم: (٣/ ٢٠١).

(2) صحيح الترغيب: (١/٦٦) ، راجع فتح الباري: (١٠/٤٧٠).

## ٣- حاڵی کەسانی پەشیمان لە رۆژی دواییدا:

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يَنسِلُونَ ۝٥١ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ۝٥٢ ﴾ [يس:٥١- ٥٢] ،

واتە: بۆ جاری دووەم فوودەکرێت بە کەرەنەدا ، و رۆحەکانیان جارێکی تر دەگەڕێنرێتەوە بۆ جەستەکانیان ، و بەخێرایی لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە و بۆ لای پەروەردگاریان بە ڕێدەکەون .

جا ئەوانەی زیندووبوونەوەیان بەڕاست نەدەزانی بە پەشیمانیەکەوە دەڵێن : تیاچوون بۆ ئێمە کێ لە گۆڕەکانمان هێنایینیە دەرەوە ؟ وڵام دەدرێنەوە و پێیان دەوترێت : ئەمە ئەوەیە کە پەروەردگاری بەرەحم بەڵێنی پێدابوون ، وە پەیامبەرە رەوانەکراوە راستگۆکان هەواڵیان لە بارەیەوە دابوو .

وە پێشەوا ابن سعدی – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: " بەپەلە لەپێش بارەگای خوادا دەکەونە رێ و ناتوانن خێرا نەرۆن و خۆیان دوابخەن، و لەو حاڵەدا درۆزنان خەفەتبار دەبن و پەشیمانی و داخ دەردەبڕن ودەڵێن: ئەی هاوار بۆ خۆمان ئەوە کێ ئێمەی لەناو گۆڕەکانمان زیندوو کردەوە "[١] ، جا بۆیە تاوانبار وخراپکاران ئەگەر تۆبە نەکەن ئەوا حاڵیان زۆر خراپ وناڕەحەت دەبێت لە رۆژی دواییدا.

* حاڵی تاوانبارە خۆبەگەورەزانەکان لەرۆژی دواییدا:

لە عبداللە ی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: " يُحشر المتكبرون يوم القيامة أمثال

(1) تيسير العزيز الحميد: (٤/٢٤).

الذر في صور الرجال ، يغشاهم الذل من كل مكان ، فيُساقون إلى سجن في جهنم يسمى بولس، تعلوهم نار الأنيار ، يُسقون من عصارة أهل النار طينة الخبال ""(١)". واتە: خۆبەگەورەزانەکان لەرۆژی دواییدا وەکو مێرولەی زۆر ورد حەشر دەکرێن لەشێوەی مرۆڤدا کە زەلیلی وسەرشۆڕی لەهەموو لایەکەوە دایان دەپۆشێت، دەبرێن بۆ بەندیخانەیەك لەنێو دۆزەخدا وپێی دەوترێت (بولس) کە ئاگر لەسەرویانەوەیە و کێماو وزوخاوی دۆزەخیەکانیان دەرخوارد دەدرێت.

(1) مسند أحمد: (١٠/ ١٥٧)، قال الترمذي: حديث حسن.

*** حاڵی ئەو کەسەی کە ریابازە وبۆ پێش چاوی خەڵکی کاروکردەوە دەکات: لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیستووە کە فەرموویەتی: " مَن سمع الناس بعمله سمّع الله به سامع خلقه وصغره وحقره """[1] واتە: ئەوەی کاروکردەوەکەی بدات بەگوێی خەڵکیدا ئەوا خوای گەورەش تاوانەکانی دەدات بە گوێی خەڵکیدا (ئابڕوی دەبات) و بچووك و زەلیلی دەکات.**

(1) الترغيب والترهيب: (١/٤٩).

چەندین تاوانی تر هەن کە خاوەنەکانیان سزا دەدرێن ئەگەر تۆبەی لیٚ نەکەن پێش مردن، لەوانە:

- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " النائحة إذا لم تتب قبل موتها ، تأتي يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرِع من جرب ""(1) .واتە: ئەو کەسەی کە شین و رِۆ رِۆ دەکات ئەگەر پێش مردنی تۆبە نەکات، ئەوا لەرۆژی دواییدا دێت و شەروالێکی لە قیری تواوە لەپێدایە و کراسێکی لە (جرب) لەبەردایە. جرییش نەخۆشی خورانی پێستە کە دومەڵ دەردەکات.

(1) رواه مسلم: (٩٣٤) وغيره.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " مَن لبس ثوب شهرة في الدنيا ألبسه الله ثوب مذلة يوم القيامة ثم ألهب فيه ناراً ""[1] واتە: ئەوەی جلوبەرگی ناوبانگی لەبەربكات لەدونیادا ئەوا خوای گەورە جلی زەلیلی پێ لەبەردەكات لەرۆژی دواییدا و پاشان كڵپەی ئاگری تێ بەردەدرێ

**تاوانباران لەرۆژی دواییدا عارەقەكەیان بەگوێرەی تاوانەكانیانە:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " يعرق الناس يوم القيامة حتى يذهب عرقهم في الأرض سبعين ذراعاً ""[2] . واتە: خەڵكی لەرۆژی دواییدا عارەق دەكەنەوە

(1) رواه أبو داود وابن ماجه، وحسنه الألباني في حجاب المرأة: (٨٨).

(2) متفق عليه ، مسلم: (٢٨٦٣).

بەشێوەیەك كە عارەقەكەیان بەئەندازەی حەفتا باڵ دەچێتە ناو زەویەوە.

لەریوایەتێكی تردا لای موسلیم بەم شێوەیە هاتووە: " فيكون الناس على قدر أعمالهم في العرق، فمنهم مَن يكون إلى كعبيه، ومنهم مَن يكون إلى ركبتيه، ومنهم مَن يكون إلى حقويه، ومنهم مَن يُلجمه العرق إلجاماً ""[١] واتە: خەڵكی بە گوێرەی تاوانەكانی خۆیان لەنێو عارەقدان، جا هی وایان هەیە هەتا قولەپێكانێتی و هی واش هەیە هەتا ئەژنۆكانێتی و هی واش هەیە هەتا خوار ناوكێتی و هی واش هەیە عارەق هەتا لای دەمی دێت ( وای لێ دەكات ناتوانێت قسە بكات).

---

(1) مسلم: (٢٨٦٤).

خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلْمُجْرِمُونَ نَاكِسُوا۟ رُءُوسِهِمْ عِندَ رَبِّهِمْ رَبَّنَآ أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَٱرْجِعْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ [السجدة:١٢] واتە: ئەگەر ببینی ـ ئەی ئەو کەسەی کە بیسەری ئەم گووتارەی ـ کە : ئەو تاوانبارانەی زیندووبونەوەیان بە درۆدادەنا و باوەڕیان پێنەدەکرد چۆن لە خەجاڵەتی و ڕورەشیدا لەلای پەروەردگاریان سەریان شۆڕکردوەتەوە و بەزەلیلیەوە دەڵێن : پەروەردگارمان وا ئێستا بە چاوی خۆمان خراپەکانی خۆمان بینی ، و لەتۆوە ڕاستی ئەوەمانە بیست کە پەیامبەرانت لە ژیانی دونیادا فەرمانیان پێدەکردین ، و ئێستا تەوبەمانکرد و گەراینەوە لای تۆ ، دەسا بمانگێڕەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەوەی لە گوێڕایەڵی

تۆ کردەوە بکەین ، ئێستا دڵنیا بوین و باوەڕمانکرد بەوەی کە لەدونیا باوەڕمان پێنەدەهێنا و بەدرۆمان دادەنا لە تاك و تەنهایی تۆ ، و ئەوەی کە تۆ ئەوانە زیندودەکەیتەوە کە لە گۆڕەکانیاندان . وە ئەگەر هەموو ئەوە ببینیت ـ ئەی ئەو کەسەی کە بیسەری ئەم گووتارەی ـ ، ئەوا شتێکی زۆر گەورە و حاڵ و بارێکی مەزن دەبینیت .

- **تاوانباران کە دەبینن میزانی چاکەکانیان سووکە پەشیمان دەبنەوە:** خوای گەورە دەفەرمویێـت: ﴿وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَظۡلِمُونَ ٩﴾[الأعراف:٩] واتە: هەر کەسێك پێوانە و پێوەری کردەوەکانی سووك بێت ـ لەبەر زۆری خراپەکانی ـ ئا

**ئەوانەن ئەوانەی کە بەشی خۆیان لەڕەزامەندی خوای پەروەردگار دۆڕاندووە بەهۆی سنوور بەزاندنیان بەنکۆڵیکردنیان لە ئایەتەکانی پەروەردگار و ملکەچ نەبوونیان بۆیان .**

- **وە تاوانباران ئەوانەن کە رەنجەڕۆ و دەست بەتاڵ ومایە پوچن لەرۆژی دواییدا و پەشیمان دەبنەوە لەسەر ئەوانەی کە کردوویانە: لە ئەبی هورەیرەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أتدرون مَن المفلس؟ قالوا المفلس فينا مَن لا درهم له ولا متاع ، فقال : إن المفلس من أمتي يأتي يوم القيامة بصلاة وصيام وزكاة ، ويأتي قد شتم هذا وقذف هذا وأكل مال هذا وسفك دم هذا وضرب هذا ، فيُعطى من حسناته،**

**وهذا من حسناته ، فإن فنيت حسناته قبل أن يُقضى ما عليه أُخذ من خطاياهم فطُرحت عليه ثم طُرح في النار**"""[١]. واتە: ئایا دەزانن موفلیس (مایەپوچ) کێیە؟ ئەوانیش وتیان: موفلیس لەناو ئێمەدا ئەوەیە کە پارە وماڵی نەبێت، ئەویش فەرموی: موفلیس لەئوممەتی مندا کەسێکە لەرۆژی دواییدا بەزەکات و نوێژ ورۆژووەوە دێت، بەڵام دێت و دەبینی جنێوی بەم داوە وماڵی ئەوی خواردوە و خوێنی ئەوی رشتووە و لەوی داوە، جا لە چاکەکانی دەبەن هەتا تەواو دەبێت پێش ئەوەی هەموو مافی خاوەن مافێك بداتەوە، پاشان لەتاوانی ئەوان دەخرێتە سەر تاوانەکانی ئەم و ئەوجا دەخرێتە ناو ئاگــــرەوە.

(1) مسلم: (٢٥٨١) وغيره.

بۆیە دەبێت تۆبە لە هەموو تاوانێك بكرێت لەوانە مافی خەڵكی، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ كردووین كە گەردنی خۆمان ئازاد بكەین لەگەڵ برایەكانماندا پێش هاتنی رۆژی دوایی، لە ئەبی هورەیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "مَن كانت له مظلمة لأخيه من عرضه أو شيء فليتحلله منه اليوم قبل أن لا يكون دينار ولا درهم ، إن كان له عمل صالح أُخذ منه بقدر مظلمته، وإن لم تكن له حسنات أُخذ من سيئات صاحبه فحُمل عليه""(١).

واتە: ئەوەی شتێكی بەسەرەوەیە هی براكەی ئیتر پەیوەندی بەناموس وكەسایەتیەوە هەبێت یان هەر

(1) صحيح البخاري: (٥/ ١٠١).

شتێکی تر ئەوا با گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت کە دینار ودیرهەم بوونی نابێت، بەڵکو ئەگەر کردەوەی چاکی هەبێت ئەوا لێی دەبرێت بەئەندازەی ستەمەکەی و ئەگەریش چاکەی نەبوو ئەوا لەتاوانی بەرانبەرەکەی دەخرێتە سەر تاوانی ئەم و هەڵی دەگرێت.

* **تاوانباران ئەگەر تۆبە نەکەن ئەوا کاتێك دۆزەخ دەبینن زۆر پەشیمان دەبنەوە**: خوای گەورە دەفەرموێـت:

﴿ إِذَا رَأَتۡهُم مِّن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ سَمِعُواْ لَهَا تَغَيُّظٗا وَزَفِيرٗا ۝١٢ ﴾

[الفرقان:١٢] ، واتە: کاتێکیش ئەوانەی کە باوەڕیان بەدوارۆژ نیە ئاگری دۆزەخ دەبینن وچاویان پێی دەکەوێت لەشوێنێکی دوورەوە ، ئا لەو کاتەدا گوێبیستی دەنگی

گڕ و کڵپە و هەناسەدانی دەبن ، ئەوەش لەبەر زۆر

تورەیی وبێزاری دۆزەخ لێیان .

لە ئەبو هورەیرەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرموویەتی: " تخرج عنق من النار يوم القيامة لها عينان

تبصران وأذنان تسمعان ولسان ينطق يقول : إني وكلت

بثلاثة: بكل جبار عنيد، وبكل مَن دعا مع الله إلهاً آخر،

وبالمصورين "[1]" واتە: ملیك لەناو ئاگردا لەرۆژی

دواییدا دەردەچێت کە دوو چاوی هەیە کەدەبینێت و دوو

گوێی هەیە کە دەبیستێت و زمانیشی هەیە کە قسە

دەکات و دەڵێت: من راسپێردراوم بە سێ جۆر لە

خەڵکی: هەموو ستەمکارێکی سەرسەخت، و هەموو

(1) صحيح الترمذي: (٢٥٧٤).

**ئەوانەی کە خوای تریان کردووە بە هاوبەش لەگەڵ خوای گەورەدا و هەموو وێنەگران.**

* **تاوانباران ئەگەر پەشیمان نەبنەوە ئەوا لەسەر پردی صیرات پەشیمان دەبنەوە: لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "... یمر المؤمن علیه کالطرف وکالبرق وکالریح وکأجاوید الخیل والرکاب؛ فناجٍ مسلم ، وناج مخدوش ، ومکدوس في نار جهنم ، حتی یمر آخرهم یُسحب سحباً ""[1]**

(1) صحيح البخاري: (٧٤٣٩).

## ٤- حاڵی کەسانی پەشیمان بووەوە لەو کاتەی سزادەدرێن و لەناو ئاگردان:

هەندێ تاوان هەیە ئەگەر خاوەنەکانیان تۆبەیان لێ نەکات و رەحمی خوا نەیانگرێتەوە ئەوا سزا دەدرێن بە ئاگری دۆزەخ، وەکو ئەوانەی بۆ پێش چاوی جیهاد دەکەن و قورئان دەخوێنن و دەبەخشن، سەبارەت بەو جۆرە کەسانە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أولئك الثلاثة أول خلق الله تسعر بهم النار يوم القيامة ""[1].

واتە: ئەو سێ جۆرە لە خەڵکی بریتین لەیەکەم گروپ و دەستە کە ئاگری دۆزەخیان پێ گەرم دەکرێ و تاودەدرێت لەرۆژی دواییدا.

---

(1) مسلم: (١٩٠٥).

**پێشەوا ابن رجب – رەحمەتی خوای لیٚ بێت- دەلیٚت:**

**ریابازان سزایان زیاترە بەبەراورد لەگەڵ تاوانەكانی تردا لەبەر ئەوەی ریا بریتیە لە شیركی بچووك، چونكە هەر تاوانێك پەیوەست بوو بە شیركەوە ئەوا گەورەترە لەوەی پەیوەست بێت بەهەر تاوانێكی ترەوە**[١]

**خوای گەورە دەفەرمویێت:** ﴿وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ٣٧﴾ [فاطر:٣٧]

**واتە: ئەو بێباوەڕانە لەنێو ئاگری دۆزەخدا لەتاو توندی سزاكە هاواردەكەن و داوای فریادڕەسی دەكەن :**

(1) التخويف من النار: ( ٢٢٣).

پەروەردگارا لە نێو دۆزەخ دەرمان بهێنە ، و بمانگێڕەوە بۆ دونیا تا کاری چاکە بکەین و نەك ئەوەی کە پێشتر لەژیانی دونیادا دەمانکردن ، باوەڕدەهێنین لە بری بێباوەڕی ، ئەویش پێیان دەڵێت : ئایا مۆڵەتمان نەدان لە ژیانی دونیادا ، و بە ئەندازەیەکی باش تەمەنمان پێ نەبەخشین ، کە ئەوەی بیویستایە پەند وەربگرێت وەری دەگرت ، وە پەیامبەریشتان بۆ نەهات ؟ کەچی بیرتان نەکردەوە وپەندتان وەرنەگرت ؟ دەسا لە سزای دۆزەخ بچێژن ، و بێباوەڕان هیچ سەرخەرێکیان نیە کە لەسزای خوا سەریان بخات.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لو أن قطرة من الزقوم قطرت في دار الدنيا لأفسدت على الناس معايشهم، فكيف بمَن تكون طعامه؟"[(١)].

واتە: ئەگەر دڵۆپێك لە شلەی زەقوم بخرێتە ئەم دونیاوە ئەوا گوزەرانی هەموو خەڵکی ئەم دونیا تێك دەدات، چ جای ئەگەر ئەو زەقومە خۆراکیان بێت؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " يؤتى بجهنم يومئذ لها سبعون ألف زمام ، مع كل زمام سبعون ألف ملك يجرونها "[(٢)] . واتە: لە رۆژی دواییدا دۆزەخ دەهێنن کە حەفتا هەزار رەشمەی پێوەیە (بۆ هەڵگرتن) و هەر رەشمەیەکیش حەفتا هەزار فریشتەی لەگەڵدایە کە ڕای دەکێشن.

---

(1) سنن الترمذي: (٢٥٨٥) وقال: حسن صحيح، رواه أحمد وابن ماجه وابن حبان والحاكم.

(2) مسلم: (٢٨٤٣).

## لە کۆتاییدا:

برایان ئەوەی کە رابورد و باسی کرا ئەوە حاڵ و گوزەرانی تاوانباران وسەرپێیچیکارانە وپەشیمان بونەوەیانە و حاڵەتی ئومێد خواستنیانە بۆ گەڕانەوە بۆ دونیا تەنانەت لەکاتی گیان دەرچوون و ناو گۆڕیشدا ولەکاتی زیندووبونەوە و حەشرکردنیان و وەستانیان لەبەردەم خوای گەورەدا، پاشان حاڵیان کاتێك کە بۆ لای ئاگر دەبرێن و دەخرێنە ناویەوە، جا سەیربکەن و بیربکەنەوە کە چ بارودۆخێك چاوەڕێمانە و لەپێشمانە ئەگەر تۆبە نەکەین و نەگەڕێینەوە بۆ لای خوا لەتاوان و سەرپێیچی.

**جا هۆکارەکانی سڕینەوەی تاوان دە دانەیە وەکو شیخی ئیسلام ابن تیمیه – رەحمەتی خوای لیٚ بیٚت – باسیان دەکات ودەڵیٚت: ئەمانەن: واتە:**

**( تۆبە، و داوای لیٚخۆشبوون کردن، موصیبەت، چاکەکاری، دوعای موسڵمان بەبیٚ ئاگایی براکەی ولەپاش ملە، ناخۆشیەکانی کاتی گیان دەرچوون، سزای ناو گۆڕ، ناخۆشیەکانی رۆژی دوایی، شەفاعەت، ورەحمەتی خوای میهرەبان)**

**جا وەرن با پیٚکەوە تۆبەیەکی یەکجاری و ڕاستەقینە بکەین لەتاوانەکان، وەکو خوای گەورە دەفەرمویٚت:**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوۡبَةٗ نَّصُوحًا....﴾ [التحريم:٨]

، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی هێناوە و بەڕاستان زانیوون و کردەوەتان بە شەرعەکەی کردووە.

**پێشەوا ابن الكثير – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:** (توبةً نصوحاً) واتە تۆبەیەکی ڕاست و تەواو بەشێوەیەك کە تاوانی پێشو بسڕێتەوە ...[1] .

**خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ ٱسۡتَجِيبُواْ لِرَبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۚ ..... ﴿٤٧﴾ ﴾ [الشورى:٤٧] واتە: ئەی بێباوەڕان وەڵامی پەروەردگارتان بدەنەوە بە باوەڕهێنان

---

(1) تفسير ابن كثير: ( ٤/٣٩١ ).

وگوێڕایەڵیکردنی پێش ئەوەی دوارۆژ بێت ، ئەو ڕۆژەی که گەڕانەوە و دواکەوتنی نیە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " يا أيها الناس توبوا إلى الله فإني أتوب إلى الله في اليوم مائة مرة """(١).

واتە: ئەی خەڵکینە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا چونکە من لە ڕۆژێکدا سەد جار تۆبە دەکەم.

* بۆیە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە تۆبە واجبە دەستبەجیّ لەسەر هەموو تاوانەکان و دروست نییە دوابخرێت.

(1) صحيح مسلم: (٢٧٠٢).

* جا کێ هەی لە ئێمە کە تاوان نەکات؟ کێمان هەیە هەڵە نەکات؟ وەکو لە فەرمووددەدا هاتوە: " كل ابن آدم خطَّاء وخير الخطَّائين التوَّابون """[1] واتە:.

هەموو ئادەمیزاد تاوان دەکەن و کەس (مەعصوم )نییە بەڵام باشترین و خێرترین تاوانباران تۆبەکارانن.

* وە دواخستنی تۆبە لەتاوان خودی تاوانە و تۆبەی پێویستە، بۆیە ئەگەر کەسێك تۆبەی دواخست و دواتر تۆبەی کرد ئەوا دەبێت جارێکی تر تۆبە بکات بۆ ئەو دواخستنەی، وە یەکێك لە دوعاکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتی بووە لە وتنی: " اللهم اغفر لي ذنبي كله ،

(1) الترمذي: (٢٤٩٩) رواه أحمد وابن ماجه وغيرهم.

دقه وجلّه ، خطأه وعمده ، سرّه وعلانيته ، أوله وآخره """[١]

واتە: خوایە لە تاوانم خۆش بە هەمووی، ورد ودرشتی و هەڵە وئەنقەستی و نهێنی و ئاشكرای و سەرەتا و كۆتایی.

## * وە ئەوانەی كەتۆبەی لیٚ دەكریٚت بریتین لە:

أ- تۆبە لە نەكردنی چاكەكان و بەتایبەت واجبەكان.

ب- تۆبە لە تاوانە بچووك و گەورەكان وبەتایبەت شیرك وبیدعە.

---

(1) صحيح مسلم: (٤٨٣).

* ئەهلی سوننە یەکدەنگ لەسەر ئەوەی کە تۆبە دروستە بۆ تاوانێك بکرێت لەکاتێکدا سوورە لەسەر ئەنجام دانی تاوانی تر.

* گەڕانەوە بۆ ئەو تاوانەی کە تۆبەت لیێ کردووە تۆبەی یەکەم جار لاناباتو بەتاڵی ناکاتەوە، بەڵکو دروستێتی و تەواوێتی تۆبە لەسەر وازهێنان لە تاوانەکە ولیێ پەشیمان بوونەوەی و نەگەڕانەوە بۆ سەری بەندە و هەوڵ بدات نەگەڕێتەوە سەری و ئەگەریش گەڕایەوە سەر تاوانەکە ئەوا وەکو کەسێك وەهایە کە سەرەتا ئەنجامی داوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.